به ناوی کوردستانی گەورە !

# هەڵپەڕکێی رامیاری

ح. س. سۆران
soran909@hotmail. com
٢٠٠٣/٧/١٠

رۆژی ٢ ی مانگی حەوتی ئەمساڵ (٢٠٠٣) ، لە هاوینە هەواری دڵاوێنی سەلاحەددین، کەبوەتە هەوارگەی دڵانی گەلی کورد، لە هەرێمی رزگارکراوی دەڵەمەی کوردستان، جێژنی رێزگرتن لە رۆژی سەربەخۆیی وڵاتە یەک گرتوەکانی ئامریکا، بە بەشداری ئەندامانی هێزی ئامریکا، باقی هاوپەیمانگەل و خەڵکی رزگاری ویستی هەرێمی کوردستان، بە شکۆیەکی زۆر تایبەتەوە، بەڕێوە چو، کە چون لە درێژایی مێژودا، ئەمە جاری هەوەڵە رێورەسمێکی وا پڕمانا، لەم مەڵبەندەدا بەرێوە دەچێ، یەکجار جێی سەرنجی تایبەتە و دەتوانێ بە دروشمێکی زۆر خۆش یومن (پیرۆز) ، قەڵەمداد بکرێ.

دەزانین، کە بە پێی داب و نەریتی لەمێژینەی کوردەواری، هەڵپەڕکێ و شادی بەشێکی سەرەکیە لە ژیان. هەر بەم بۆنەیەوە، ئەم جێژنەش بە کۆڕی هەڵپەڕکێی کوردی رازابوەوە و دەستەی سەرچۆپی بە لفکەی سۆرانی، رێبەرایەتی کۆڕەکەی بە ئەستۆوە بو و هەر لەم کاتەشدا، تاقمی گاوانی ڤیت و زیتیش، لە لای چەپەوە، بە کاوخۆ یاریدەی پاراستنی هەوای شاییەکەیان دەدا و کۆڕەکە، وەک هەمیشە بە پێچەوانەی سووڕانی کات ژمیر، بە بنەوەشت دەخولاوە.

بەڵام شتێک کە ئەم هەڵپەڕکێیەی، بە تەواوی لە هەڵپەڕکێی جیژنی ژن هێنان و ئەم چەشنە شتانە جۆێ دەکردەوە، ئەوە بو، کە ئەم گۆوەندە، لەگەڵ ئەمەدا کە سەمایەکی نێو نەتەویی بو، هەڵپەڕکێیەکی هەرە رامیاریش بو.

ئەم جێژنە، کە بە چەشنی زیندو لە تۆڕی مانگەواڵەی کوردستان تی. ڤی بڵاو دەبوەوە، سەرنجی هەرە تایبەتی زوربەی بینەرانی بۆ لای خۆی راکێشا. کامێرا (دووربین) ی تێلێڤیزیونەکە، زۆر جار یەکێک لە ئامریکایەکانی دەهێنا پێشەوە و نیشانی دەدا. ئەو پیاوە ئامریکاییە، کە بە گوڕ، بە شان و بەباڵ بە هەوای چۆپی کوردی هەڵدەپەڕی، ئاڵای پیرۆزی کوردستانی بەدەستی راستیەوە گرتبو و پەرچەمی ئامریکاش بە دەستی چەپیەوە. لەم حاڵەدا و بێ ئەوەی ئاڵای عێڕاق نیشان بدرێ، ئەو دو پەرچەمەی دەشەکاندەوە. ئەوانەش کە کورد بوون، لە هەڵپەڕکێ کە دا، بە لەونێکی تایبەت هەست و جوولانەوەی خۆیان، بە چاو و بە دەست، بە هێز و بە هەست نیشان دەدا.

لە لایەکی دیکەشەوە، کە مرۆڤ ئامرکیاییەکانی لەگەڵ داگیرکەرانی دیکەی کوردستان هەڵدەسەنگاند، پێی زۆر سەرنجڕاکێش بو، چون هێشتا لە نێو چوار پنج داگیرکەری هاو چەرخ و چوار پێنج داگیر کەری رابوردو دا (بۆ وێنە تاتارەکان، یۆنانیەکان، عەرەبەکان، موغوولەکان و ■■■) ، نەکەسیان پەرچەمی کوردستانیان بە پەرچەم زانیوە و نە کەسیش هەوڵی داوە لە چەند سەد ساڵ و بگرە چەند هەزار ساڵدا، فێری هەڵپەڕکێی کوردی ببێ. بۆیە لەوانەبو، لەو بارودۆخەدا، وشەی رزگار کەر، ببێتە جێ نشینی وشەی داگیرکەر.

بە چەشنی مێتافوڕ (ئیستیعارە) ، ئەو هەڵپەڕکێ هەرە رامیاریە، ئەم خەیاڵانەی بە زەینی بینەر دەگەیاند :

www.kurdistannet.org

١- ئامـريكاييه كـان، بـهو چهشنه هه‌ڵپه‌ڕینه، ده‌یانویست هه‌ستی قووڵی ده‌روونی خـۆیان سه‌باره‌ت به دۆستیایه‌تی کورد ده‌ربڕن و به‌و جووڵانه‌وه و سه‌مایه، نیشانی بده‌ن کـه ده‌زانـن کـوردان دۆسـتیانن و بـه تایبه‌ت له کاتی جه‌نگ و له دوای جه‌نگی ئه‌مساڵ، چه‌نـدێک به دڵسۆزی، بۆ رووخاندنی سه‌ددی سته‌می سه‌ددام، هاوکاریان له‌گه‌ڵ ئامریکا و هاوپه‌یمانگه‌ل کردوه و ...

٢- کـورده کـان، به‌و چه‌شنه سه‌ماو هه‌ڵپه‌ڕین و جووڵانه‌وه‌یه، ده‌یانویست سپاسی خـۆیان، سـه‌باره‌ت بـه پشـتیوانی ئامـریکا و هاوپه‌یمانگه‌ل ده‌ربڕن و بڵێن ده‌زانین، که ئه‌گـه‌ر پشـتویانی ئـێوه لـه فڕۆکه‌خانه‌ی ئینجرلیک نه‌بوایه، سه‌ددام و مه‌ددام، خاکی کوردستانیان به تووركه‌ی ته‌ڕ بیژابوه‌وه و ...

کـاکڵ (ئه‌سڵـی مه‌به‌ست) : ئه‌م ڕێوره‌سمه به بۆنه‌ی ڕۆژی سه‌ربه‌خۆیی ئامریکاوه پێک هاتبو، به‌ڵـام بڵـێی کـورته به‌رکوڵـێکیش نـه‌بێ، بۆجێژنی ڕزگاری و سه‌ربه‌خۆیی یه‌کجاری کوردستان ؟.

ئه‌گه‌ر وابێ، بڵێی پێویست نه‌بێ، گه‌لی کورد سرووودێکی هه‌رگیز نه‌خوێندراو، بڵێ ؟

تێبینی کوردستان نێت:

ئه‌م نووسینه بیروبۆچونی خاوه‌نه‌که‌یه‌ت، کوردستان نێت له ناوه‌ڕۆکه‌که‌ی به‌رپرسیار نییه.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت